**** ده نگێ بۆ هه موو وه رزێکی غوربه ت****

( بۆ هۆره چڕی مه زنی ناو کوردان
نه مر" ئه لی نه زه ر" )

رێناس جاف

هێشتا مندالٌ بووم، له و دیو ده ر وازه کانی غه ریبییه وه ده نگێ دایمه به ره و لای خۆ، ڕایئه کێشام.
خۆ من ئه و سه ر ده مانه کوا ئه مزانی غوربه ت و غه ریبی چییه؟ که ی هه ستم به که لاوه کانی هه رێمی غوربه ت ده کرد؟ که نگێ ده مزانی ڕۆژێک غه ریبی سه رتاپای گیانم ئه ته نێ؟
ڕۆژگار ڕابورد و زه مه ن ئه و جار ،به رگی غوربه تستانێکی ده وه ر کردم.
ئه و ده نگه ی ئه و ده مانه حه زی ژینم بوو، ئه مێستا تان و پۆی گیانمه.
گه ره کمه گوزه رێ به ناخی گیانی
هونه رمه ندێکی کورد دا بکه م که داخه که م میلله ته که ی مه ، گه لێ زوو هونه رمه ندی خۆ له بیر ده کات وئه ویش دیاره وه به ر هه مان بێ لوتفی که وتووه.
ته نانه ت خودی هونه رمه ندانی کورد ،له جیاتی ئه وه ی ئه و جۆره هونه رمه ندانه به رز بکه نه وه و نه هێلٌن ناویان له یادان بچنه وه، هه روا سووکێ به لایاندا تێده په ڕن.
ئه مه به ڕاستی مه رگه ساته بۆ گولٌجاڕی هونه ری کوردی.
مه به ستم له و ده نگه سیحراوییه، هۆره چڕی مه زنی

کورد نه مر "ئه لی نه زه ر" ه.

ئه و ده نگه ی بۆ هه تا هه تایه له شاره سه رقاڵه که ی دڵت دا ، سۆزی کورده واریت پێ ئه به خشێ و ناهیڵێ هه ستت بڕاکێت.

وه پشت گوێ خرانی یه ک له کۆنترین هه وا و به زم و گۆرانییه کانی کوردی، له لایه ن هونه رمه ندانی کورده وه به ڕاستی گوناحێکه بۆ به خشین ،ناشێ.

مه به ستم "هۆره" یه.

نامه وێ گۆتره پێناسه ی هۆره بکه م . شوکر ڕۆژانێکه شاره زایان، به شێوه یێکی زانستی ،ڕاڤه ی ده که ن و حه قی خۆی ده ده نێ. ئه مه مایه ی خۆشحاڵییه.

به ڵام خاڵێک له و نێوانه دا پڕ گرینگه، ئاوڕدانه وه ی هونه رمه ندی کورد له م گه نجینه به نرخه ی جاڕه که ی هونه ری کوردییه.

ده یان و بگره سه دانی وه ک : "ئه لی نه زه ر" ، "سه ی قولی"، "عه وله زیز" و هتد، هاتوون و لامان باریان کردووه، به ڵام خۆ هه گبه که یان، یادگارییه کانیان، بۆ هه میشه ی مێژوو ، ده مێننه وه.

ئه ی بۆ ئه م به ره له هونه رمه ندانی کورد، هیچ فیکرێک بۆ ئه و زه ره رمه ندییه ناکه نه وه؟

ئایا پێیان وایه ئیدی که س گوێ بۆ هۆره شل ناکات؟

یانه خۆ وای بۆ ئه چن به هۆره چڕین، زه بریان، وێده که وێ؟ بازاڕیان که ساس ئه بێت؟ یان هه ر بیریشی ، لێ ناکه نه وه.

گه ر سترانبێژانی ناسراو و ده نگ زوڵاڵی گه له که مان، به تایبه ت ئه وانه ی زێتر ئاشنا به م هه وا هونه رییه ن،

له نێو ده یان به رهه می هونه ری خۆدا ، یه کیان ته رخان
بده ن به م به زمه کۆنه کوردییه، دڵنیا لاوی ئه مڕۆی مه،
ئه وه نده له حاند به شێکی هونه ری گه له که ی، نامۆ نابێت.
یه ک له و هونه رمه ندانه ی هه ستی به و ئه رکه
پیرۆزه کردووه و هۆره ی خستۆته نێو  به رهه مه
هونه رییه کانی خۆیه وه، هونه رمه ند " نه جمه ی غوڵامی" یه.
چه ندی دی مینا  کاکه نه جمه ی ده وێ هه تا لاوی کورد
ئه وه ند ئه و ئاوازه کۆنه کوردییه دوور له خۆ نه زانێ،
دیاره ئه م ئه رکه گرانه ش وه ئه ستۆی که سانی وه ک:
کاکه نه جمه یه، پێش به له ناو چوونی هۆره بگرن.
هه ر وه ها که سانی وه ک کاک "قادر ئه لیاسی" که سه ر
به و ده ڤه ره یه ، هۆره ی لێ په یا بووه ، ده بێ فره تر
له مابه قی هونه رمه ندانی کورد، شان وه به ر ئه و
زه حمه ته بدات.
بڕوات بێت هێشتا ئه وه ند زۆرن ئه و تاقمه ی ته نیا
به نه رمه هۆره یێک ، ئۆقیانووسێک ئه شک به گیانیان دا
داده گه ڕێ. ئیتر بۆ ده بێ له بیر بکرێت؟
ئه و جۆره ی لاوی کورد له یه کی وه ک کاک "ناسر ڕه زازی"،
"نه جمه ی غوڵامی" و "قادر ئه لیاسی" ، وه رئه گرێت
دیاره له سه دانی به هره مه ندی نه ناسی ، وه رناگرێ،
هه ر بۆیه ئه و هونه رمه ندانه ی پێشه نگی کاروانی هونه ری
گه له که یانن، ده بێ لایێکی خۆمانه ش له و ئاوازه هه ره
کۆنه کوردییه ، بکه نه وه.
به و ڕۆژانه به ده م سه یرکردنی ماڵپه ڕه کوردییه کانه وه
له ماڵپه ڕی " به لووت"(به ڕوو)، بابه تێکم سه باره ت
به هۆره چڕی هه ره ناسراوی کورد "ئه لی نه زه ر"

به رچاو که وت که گه لێ بیره وه ری شیرنی دوێنێی
له لا تازه کردمه وه .
هه ر بۆیه بڕیارم به خۆ دا ئه و بابه ته له فارسییه وه
بکه مه کوردی و بیخه مه به رده م شه یدایانی ده نگه که ی
"ئه لی نه زه ر"ی نه مر.
✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻

ئه وه  هه ر ده نگه ده مێنێته وه

مه سعوود قه نبه ری

هه موو ساڵێک له ده سپێکی به هاردا، ئه و ده مه ی به فری
سه رکلاوانی زاگرۆسی مه زن، ده توێته وه و به فراوی جوان و به
خورڕ، به دۆڵ و چۆمه پێچاو پێچه کانی شاخدا، سه ر
به ره و خوار ، دائه گه ڕێ، گوڵه نه ورۆزه و هه ڵاڵه برمه و
به یبوون، له دڵی به رد و که ڤران، سه ر وه ده ر دێنن و
بۆنی شکۆفه و گۆپیته ی دارقه زوان و بلاڵۆک و چنوور،
دۆڵ و نواڵان، ئه ته نێ و مه لانی سرووشت، شه یدای
خۆ ده کات.
ژه ره ژ و که وانی زاگرۆس ، به سه ر دوند و ترۆپکی
که ژان و به سه ر گاشه به رده کانی چیا
گه رده نکه شه کانه وه، نازێ به و ناوه ئه به خشن و
به قاسپه ی خۆ، له به ردلانترین ئاواز ئه که نه دیاری بۆ
سرووشت و هه موو ڕاگوزه ر و ڕێبوارێک، به و ده نگه
ئه لاوێننه وه .
ئه و ده مه مرۆڤ له پرێک ئه که وێته وه بیری هه ست و

نه ستە زولاڵ و گیان بزوێنە کە ی خە ڵکانی کۆن کە مینا
قاسپە ی ژە رە ژی سە رمە ستی زاگرۆس، خە ون،
ئاوات و ئارە زوو، شادی و دڵتە نگییە کانی خۆیان ئە خستە
نێو چوارچێوە ی هە ڵبە ستێ تە ڕ و پاراوی کوردی و
بە هۆرە ، ئە یانچڕی.
هۆرە یە ک لە هە رە کۆنترین ئاواز و بگرە دێرین ترین
جۆری چڕین و خوێندنە وە ی شێعر و سروود لە ئێرانە.
ڕیشە و بنج و بناوانی هۆرە ئە گە ڕێتە وە بۆ سە ردە مانی
دوور. ئە و دە مە ی مۆغە کانی زە ردە شتی، گاتاکانی نێو
ئە ڤێستایان لە گوێ ئاورگە کان و بە چە شنە ئاوازێک وە ک
هۆرە ، دە چڕی.
هە ندێ لە توێژە ران، بنج و بناوانی ووشە ی هۆرە
ئە گە ڕێننە وە بۆ " ئە هوورا مە زدا".
هۆرە تێکە ڵێکە لە شێعر و ئاواز کە دە گە ڵ دە زگاکانی
مۆسیقایی ئێرانی ، پڕ جیاوازە، هە ر ئە و تۆفیرە ش بۆتە
مایە ی ئە وە ی بە جۆرە ئاوازێکی ئازاد و جیاواز، دانرێ.
ئە و دە مە ی هۆرە چڕ ، دە نگ هە ڵئە برێ و کاتێ نزمی
ئە کاتە وە، هە ندێ لە مە قامی قە تاری کوردی ،
نێزیک دە کە وێتە وە.
هۆرە چە ندین مە قامی هە یە کە ئە ڵێن چواردە جۆری هە یە.
لە و نێوانە دا دە کرێ ئە مانە ناو بە رین: بان دە سانی،
شا هوسە ینی، سارۆخانی، جڵە و شایی، تە رزە مە جنوونی،
سە حە ری، دۆبالا، غە ریووی، بان بنە یی، پاوە مووری،
باربد و نە کیساییش بە مە قامە کانی هۆرە دادە نێن.
بە درێژایی دیرۆک و کە لتووری کوردان، پڕ هۆرە چڕمان
هە بووە. بە ڵام بێگومان پێشە نگ و سە رقافڵە چی کاروانی

هۆره چڕان، هه ر له کۆنه وه هه تا به ئێستا، که س نییه
جگه له ڕه حمه تی " ئه لی نه زه ر".
نه مر ئه لی نه زه ر ساڵی 1300 هه تاوی(1920 زایینی)
له ئاوایی "تووه سوورک" ی سه ر به شاباد( له هه ندێ
سه رچاوه و وتاردا به هه ڵه به خه ڵکی کرندی ده زانن)
له نێو بنه ماڵه یێکی پشتا و پشت هۆره چڕدا ، له دایک بووه.
هه ر له هه مان زارۆکییه وه شه یدای سرووشت ئه بێت،
ئه و پێوندییه نێزیکه به سرووشته وه، کار ده کاته سه ر
هه ست و نه سته ناسکه که ی و هێشتا هه ر منال ئه بێت
په ی به هره ی ده نگخۆشی له خۆدا ئه بات و له به ر
ژیری و به هره گه شی خۆ، هه ست و نه ست و
ناڵه ی دڵته نگییه کانی خۆ به شێوه ی مه سنه وی
ده برگه یی ، ده ر ئه برێ و به هۆره ئه یانچڕێ.
فره ی پێ ناچێ بنه ماڵه که ی و بگره خه ڵکی ئاوایی و
هێور هێور سه رپاک  خه ڵکی ناوچه، ئاشنا به ده نگه
سیحراوییه که ی" ئه لی نه زه ر" ئه بن و ناوبانگی ئه و
به هره گه شه، گوند به گوند و شار به شار ، ئه چێ و
هه ر زۆر زوو له ته واوی کوردستانا، نێوبانگ ده رده کات.
"ئه لی نه زه ر" له به ر  ئه وه ی مرۆڤێکی بێ فیز و
خه ڵک خۆشه ویست ئه بێ، هه ر زوو به زوو ئه بێته
خۆشه ویستی هه موان و شێعر و مه قامه ڕه سه نه کانی،
ئه بنه ویردی سه ر زاران.
پاشی ئه وبه ینه ئه لی نه زه ر ڕێی ئه که وێته ڕادوێی کوردی
کرماشان و ده نگی به دڵ ئاشنای ئه لی نه زه ر، ئه بێته
پڕ لاگرترین به رنامه ی ڕادوێ و ناوی ئه لی نه زه ر
ئه چێته پاڵ ناوه مه زنه کانی دونیای مۆسیقا و هونه ری

گۆرانی کوردی وه ک سه ی ئه سکه ری کوردستانی،
عه لی مه ردان، تایه ر تۆفیق و ... و سه فحه و قه وانه کانی
ئه لی نه زه ر له ته نیشت قه وانی هونه رمه ندانی گه وره ی کورد
و هه روه ها گه و ره کانی مۆسیقای ڕه سه نی
فارسییه وه وه ک قه مه ر ملووکی وه زیری، له ته واوی
ماڵه کانا سه ر ده خرێ.
ئه وه ی بوو به مایه ی هۆگری خه ڵک به و هونه رمه نده وه
سه رباری خوو و خده ی پاک و به رزی، شێوازی تایبه ت
به خۆی له چڕینی مه قا مه کانی هۆره دا بوو.
"ئه لی نه زه ر" جوانترین و له به ر دلاّنترین شێعری
به گوێره ی مه قامه کان له شاعیرانی مه زنی وه ک
"شاکه و خان مه نسوور" ، هه ڵده بژارد یان له گه نجینه ی
ده وڵه ندی فۆلکلۆری که ڵهوڕ ، ته ڕ و پاراوترین شێعری،
گوڵچن ده کرد. هه ڵبه ت بۆ خۆ له هۆنینه وه ی شێعردا
ده ستێکی بالاّی هه بوو.
تێکه ڵکردنی ئه و چه شنه شێعرانه ده گه ڵ ده نگی
گیان بزوێنی ئه لی نه زه ر و شێوه ی تایبه ت به خۆ
له بێژه و نووسینه وه ی ووشان دا، هه ر هۆگرێکی ،
شه یدای خۆ ده کرد و دواتر شێوازێکی بۆ خۆ ده س خست
که به " ئه لی نه زه ر چڕ" ناوبانگی ده ر کرد که له ته واوی
هۆره چڕه کانی پێش و پاش خۆ، جوێی ده کاته وه .
ڕۆژی 18 جۆزه ردانی ساڵی 1341 هه تاوی (1963 زایینی)
هه واڵێکی پڕ ناخۆش و دڵ هه ژێن به ته واوی کوردستانا،
بلاّو بووه وه. هه واڵێک وه ک با و برووسکه ، ئاوایی به
ئاوایی و باژێڕ به باژێڕ، چوو و خه مێکی گرانی خسته سه ر
دلاّن، ئه و هه واڵه ش ئه وه بوو " ئه لی نه زه ر"

هونه رمه ندی گه ل خۆشه ویست و هۆره چڕی گه وره ی کوردان، له جاده که ی " حسێن ئاوای سنه دا به هۆی کاره ساتێکی ترۆمبیله وه ، کۆچی دوایی کرد، به و ڕووداوه تاڵه، جاڕه که ی هونه ری کورد، خه سارێکی مه زنی وێده که وێ و ئه ستێره یێکی پڕ شۆقی ئاسمانی گۆرانی کوردی، ئاوا ئه بێت.

ئه لی نه زه ر له حاڵێک دا لامان جێ دیڵێ، هێشتا ته مه ن 41 ساڵان ئه بێ و به سه ر لووتکه ی هۆره چڕییه وه بوو و گه لێ ساڵان ده رفه تی ئه وه ی هه بوو خه ڵک له گیانه زوڵاڵه هونه رییه که ی ، چێژ ببه ن، لێ قه ده ر و چاره نووس وا بوو ده نگێکی دی نێو گوڵجاڕی گۆرانی کوردی هه وارگه که ی بگوێزێته وه به ڵام سۆزی ئه و ده نگه بۆ هه تا هه تایه ، میوانی لای هه موو ماڵه کوردێک بمێنێته وه.

ئه لی نه زه ر تاقه باڵ بوو. له و هونه رمه نده پێنج کوڕ و دوو کچی لێ به یادگار جێ ماون که هه مووانیش خاوه نی بڕوانامه ی خوێندنی باڵان.

باوه کوو چه ندێ له مناڵه کانی به هره ی هۆره چڕییان تیایه لێ مخابن به لای هۆره دا ناچن.

بۆ وتن ئه شێ مه زاره که ی ئه لی نه زه ری نه مر وا له شاری قوم. هه ندێ که سان ده بێژن وێنه و ده نگه که ی ئه لی نه زه ر له سه ر گه لێ ماڵپه ڕان هه یه.

ئه لی نه زه ر ده نگێکه نه مر و زایه ڵه ی ئه و ده نگه دایمه له هه موو دڵێک دایه.

هونه رمه ندی ڕاسته قینه به ڕۆحی به رزی هونه ری، له ڕێی یادگاره کانییه وه، بۆ هه میشه یادی وا له نێو

گۆشه ی دلانا. ئه و ده مه ی له سات و کاته کانی ته نیایی و دلته نگی دا ئه بیته هاوده می سۆزی ده نگه که ی سه ی ئه سکه ری کوردستانی یان ده نگه شه که ته که ی زیره کی نه مر که دایمه خه فه تی زه مه نی لیٚ بار بوو، زۆر سوکناییت بۆ دیٚ و گیانت ئۆقره ئه گریٚ.

کوا کیٚ ئه توانیٚ بیٚژیٚ سه ی ئه سکه ر و زیره ک مردوون؟ ئه و ده مه ی تاقی ته نیا له سووچیٚکی ژووره که ت دا دانیشتووی و چاوت بڕیوه ته میچ و ده ر و دیواری ماڵه که ت و دلته نگی هورووژمت ئه کاته سه ر ، بیٚ ئه وه ی ئاگات له خۆ بیٚت، ده س ئه نیٚته سه ر دوگمه ی زه فته که ت، ده نگه ئاشنا و خه مینه که ی ئه لی نه زه ر پاش ساڵگارانیٚ دوور و دریٚژ، خرۆشیٚ ئه خاته دلته وه که له به یان و وه سف نایه.

زڕه ی یه ی ده سی، پاوه ن له پامه
م له ی شاباده کی هه وا خوامه*

ئه و ده م دلنیا ئه بیت ئه لی نه زه ر زیندووه و قه ت نامریٚ و ئه تۆ بۆ سۆز و خۆشه ویستی و یه ک دلّی و میوانداریه تی و خوو و خده ی شیرین و به رزی خه لکانی کۆن ، بانگ ده کات، جا ئه تۆش وه بیر ئه م ڕسته ده که ویته وه که :

ئه وه هه ر ده نگه ده میٚنیٚته وه.

ئه وه ش نموونه یٚیک له چه ن به یتی ئه لی نه زه ر که به هۆره چڕیویه:

بنوورِ وه ی قاقه ز، دووس دووره وه
بزان چووه نوساس وه دلگیره وه
بلبل تو مه گیر وه زار زاره وه
به ش تو ماگه گولّ وه داره وه

زڕه ی شه ماڵ تیه ی وه لا قه سره وه
ده مچه و ،لا بڕیاگه ها وه ئه سره وه
چه تر چو له و لاو بخه وه لاوه
کو چگانگ چه ن که س نایده وه کاوه
نه قاقه ز دیرم، نه قه ڵه م ده وات
ڕاز دڵه گه م بنووسم ئه ڕات

*************************

*سه رنجێک: به شی دووه می ئه م بابه ته م له ماڵپه ڕی " به لووت" وه رگرتووه و وه رمگێڕاوه ته وه سه ر کوردی. له چه ن شوێنێک دا که له ڕاس و دروستبوونی په یڤ و ووشه کان ، دڵنیا نه بوومه ، هه ر به هه مان شێوه دامناون که له ماڵپه ڕه که ی به لووت دا هاتوون.